**له رابردوودا :**

# شێخ سەلامی شاعیر لە بیرەوەرییەکاندا:

لە ساڵی 1922م شێخ مەحمود بە مەلیکی کوردستان هاتەوە، بووم بە مودیری ئەوڕاقی عەسکریە، لە 21ی مارتی ئەو ساڵە، واتە ساڵی 1922م، فیرارمان کرد بۆ سووورداش، لە سووورداشەوە لەبەر ئەوە کە لەشکرێکی ئینگلیزی هات بۆ تەعقیبمان ڕۆیشتین بۆ هەورامان، لە هەورامان لە سەر تەحریکی هەندێ موغریزین شێخ حەپسی کردم لەگەڵ قوماندان ساڵح زەکی بەگ و فایق کاکەمین و عەزیز قەزازو ئەمین رواندزی هەشت مانگ لە حەپسخانە (سیاکوڵە) کە لە پشتی دزلیوەیە مامەوە، ئینگلیزەکان سلێمانییان بەجێ هێشت، شێخ سەر لەنوێ بەخۆی و حەپسو عەسکەرو ماڵ و منداڵەوە هاتەوە سلێمانی، لێرە بەرەڵلای کردم، ناچار رووم کردەوە عازەبان، زۆر لە ئیدارەدا ناڕەحەت بووم، پاشای مەرحوومیش وەفاتی کرد بوو بچمەوە لای. ......................

دەستمدایە کشتوکاڵو کاسبیکردن، بەڵام سەر نەکەوتم چونکە کوللەهات هەرچیم هەبوو خواردی.

لە ساڵی 1928م دا لەگەڵ چەند کوڕێکی لاودا، کە ئێستا هەموویان ماون (مەبەست ساڵی 1958ە)، کە دیوانەکەی چاپ کردووە) کۆمەڵەیەکی نهێنی بەناوی (کۆمەڵەی زەردەشت)مان دامەزراند، من موعتەمیدی جەمعیەتەکە بووم، نێررام بۆ ئێران، لە ئێران چەند کەسێکیان پێی وتم کە تێکەڵی ئەم کۆمەڵەیە ئەبی، وە مەرکەزمان (سنە) بێ، بەشەرایتی لای خواروو. بەکورتی:

1.لە مەرکەزی شاری سنە رۆژنامەیەکی سیاسی دەربکرێ لەلایەن ئەم کۆمەڵەوە ئیدارە بکرێ، قازانجی بۆ کۆمەڵە بێ.

2.هەر کەسێ لەم کۆمەڵانە ئەگەر لە عیراقدا دووچاروی جوورتمو ناڕەحەتی هات، دەوڵەتی ئێران مەجبوور ئەبێ بیگرێتە خۆی، موافقی وەثیقەییێك کە لە عێراقا چی جۆرە ئیشێکی کردووە، بەو جۆرە ئیشی بدرێتێ.

3.دیپوزیتۆی ئەو رۆژنامەیە کە لە بەندی یەکەمدا بەیان کراوە ئەبێ حکومەت بیدا، (اصف اعظم) تعهدی دانی ئەو دیپۆزیتۆیەی کرد، بەشەرتێ رۆژنامەکە سەربەخۆبێ، هەموو شتێ لە سەر تەئریخو وەثائق بنووسێ، وە تەنها لەلایەن (فرماندە اوردوی مختلطە کردستان)ەوە سانسۆر بکرێ.

4.مەساریفی کڕینی چاپ و تیپ لەلایەن– اصف اعظم–ەوە ئیعانەو باربۆبێت.

5.اصف اعظم کەفیلی ئەو ئەندامانە بێ کە لە عێراقەوە هاتوون، وە عیلاقەی بەسەر ئەو ئەندامانەوە نەبێ کە ئێرانین، وە لە ئێران دانیشتوون.

چەند مادەیەکی کە ئێستا کاتی نووسینیان نییە.

هەر لەو ساڵەدا، لە پاش مانگێك گەڕامەوە بۆ بەغدا کە (سمیعی خان) باڵیۆزی دەوڵەتی ئێران بوو لە بەغدا، چاوم پێی کەوت لە بەغدا بووم، وە پێنج جار باڵیۆزی ناوبراوم زیارەت کرد، لە سلێمانییەوە ئاگادار کرام کە کۆمەڵەکە ئاشکرا کراوە، پێویستە من فیرار بکەم.

لە پاش لێکدانەوە بڕیارمدا کە بچمەوە بۆ سلێمانی. ناچار هاتمەوە کەوتمەی ژێر سەنەدی رەبطی کەفالەتو مراقبەی پۆلیس، رێگەی هاتوچۆو ئیشکردنم نەما زۆر پەرێشانو ناڕەحەت بووم.

ساڵی 1930م لە سەر هەرای رۆژی رەشی ئەیلول لەگەڵ سێ رەفیقما لە بەغدا بۆ ئینتقام فیرارمان کرد، لەگەڵ رەئیسی ئەوەڵ مەحموود جەودەت، وە رەئیس حەمید جەودەت، وە مولازم کامل حەسەن چووینە پیران، لای شێخ مەحموود، پاش چەند رۆژێ رۆیشتینە پشدەر، مەوجودمان گەیشتە (400) سوار، هاتینە شارباژێر، دەست کرا بە حەرەکات، وەکو شاعیر ئەحمەد بەگ فەتاح بەگ ئەڵێ لە تەرجیع بەندی دوانزەم لە دیوانەکەیا، وە شیعری سێیەم بەتەواوی راستو رەوانە[3] بەم هۆیەوە پێویستە بیخەمە بەرچاوی خوێندەوارانی خۆشەویست کە مێژوونووسی عیراق سەید عبدالرزاق حسنی لە مێژووەکەیا لەم باسەوە زۆر سەهووی فەرمووە، کە ئەڵێ: شێخ سەلام شێخ مەحموود ناردی بۆ بەغدا وە ئەو سێ زابتەی ئیقناع کرد کە بچن بۆ ئەم حەرەکەتو کردەوەیە...

***ئەم چیرۆکە لە دیوانی سەلامەوە لاپەڕە 37 بۆ 41 وەرگیراوە کە ئومێد کاکەڕەش ئامادەی کردووە.**